Dengekan
Signature Not Verified
Digitally signed by Dengekan
DN: cn=Dengekan, o=Goran Abdullah, c=US
Date: 2002.11.22 15:24:29 -06'00'

# ئەو پشكۆیەی نابێ بە خۆڵەمێش

حەمەسەعید حەسەن

بینایی ئەستێرەی ڕووخساری ئینسانە،
ئەستێرە درەختی گڕگرتووی ئاسمانە.
خوا لە ڕێی جریوەی ئەستێرەی گەشەوە
بەندەی خۆی دەدوێنێ،
ئەو بە هۆی تروسكەی خاڵێكی ڕەشەوە
لەگەڵ من دەپەیڤێ.

پێش ئەوەی گوشاری ئارەزوو
بۆگەنی جەستەمان بداتە دەم باوە،
وەرە با لە گۆلی ئەویندا خۆ بشۆین.
هەوێنی ئەم هەموو ئەوینەی من بۆ تۆ
هەر دەبێ هێزێك بێ خودایی.

پاشگەز نیم ڕۆژانە هەواڵم پرسیوی،
پاشگەز نیم لەو چەپكە هەڵبەستەی
بە دڵ بۆم نووسیوی،
پیاوێكی سەركێشی وەكوو من،
هەر دەبوو هۆگری ژنێكی سەرشێتی وەك تۆ بێ.

2002. 11. 21